# تا شیعر بمێنێ، نالی هەر لە لوتکەدایە... حیکمەت مەعروف

hmks7@kurdistannet.org

**ڕۆژی دووەمی دیداری حەزرەتی نالی**
**دانیشتنەکانی بەیانی ئەم بابەتانە پێشکەشکران.**



بابەتی یەکەم بە ناوی (نالی سەبکی هونەری و شیعری ئەو) کە لایەن بەڕێز د. عەلی ڕۆخزادییەوە، پێشکەشکرا. د. ڕۆخزادی لە بابەتەکەیدا، باسی فۆڕم و شێوەی شیعری نالی کرد، هەروەها وتیشی کە هەر چەندە نالی زاراوە و وشەی عەرەبی و فارسی زۆر بەکاربردووە، بەڵام فەرمانی ڕستەکانی نالی کوردییە. لەم بارەیەوە چەندین نموونەی هێنایەوە. هەروەها نالی یەکەم کەس بووە کە (تەخەلوس) واتە ناوی خۆی لە یەکێک لە بەیتەکانی غەزەلەکانیدا هێناوە. کە لەمەدا هاوشێوەی حافزە و ئەویش یەکەم شاعیری فارسە کە ناوی خۆی لە شیعرەکانیدا هێناوە. پاش ئەوە دکتور ڕۆخزادی ئامارێکی لەسەر بەکارهێنانی نالی بۆ وشەی فارسی و عەرەبی خستەڕو، کە بە وتەی بەڕێزی، نالی لە کۆی دیوانەکەیدا لە سەدا پەنجاوپێنج وشەی عەرەبی بەکارهێناوە و لە سەدا بیست وشەی فارسی بەکارهێناوە و لە سەدا بیستوپێنچی دیوانەکەی وشەی کوردین. لەسەر ئەم ئامارە لە کۆتایی کۆڕەدا بەڕێز د. فەرەیدوون بەرزنجەیی ئەوەی ڕوونکردەوە کە لەبەر تێکەڵاو بوونی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە، کارێکی ئەستەم و قورسە بتوانرێ دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە کامە وشە فارسییە و کامە کوردییە، چونکە زۆرێک وشە هەن لە نێوان کورد و فارسدا بەکاردێت. پاشان لەسەر بنەماکانی عەرووز کە پێکهاتوون لە بەلاغە و قافییە، د. ڕۆخزادی باسی ئەوەی کرد، کە عەروز عەربییە و شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد هەر نالییەوە بەکاریانبردووە، بەڵام لەسەر ئەم ڕایە د. عیزەدین وتی: ڕاستە نالی بە عەرووز نووسیویەتی، بەڵام بە شێوەیە کاری تێدا کردووە، عەرەبیش خۆیان ئێستا ئەو عەرووزە ناناسنەوە، واتە دیسان نالی لەمەشدا داهێنانی گەورەی کردووە. هەروەها د. ڕۆخزادی وتی نالی بە دەگمەن تووشی هەڵەی قافییە هاتووە، کە لەو بە هەڵە دانانی قافییەش لە لایەن نالییەوە، چەند نموونەیەکی هێناوە، کە نالی تێیدا هەڵەی لە قافییەکاندا کردبوو. لە کۆتاییدا د. ڕۆخزادی، ئەنجامی ئەم باسە لە چەند خالێکدا کۆکردەوە لەوانە: نالی یەکەم کەسە کە ناوی خۆی لە بەیتی غەزەلەکاندا نووسیوە، هەروەها نالی توانیویەتی بە چوار زمان شیعر بنووسێ، نالی بە دەگمەن تووشی هەڵەی قافییە بووە، هەروەها نالی لە بەیان و بەدیع ئیستیفادەی کردووە، ئەمەو ئاکامی ئەم بابەتە ئەوە بوو کە نالی خاوەنی سەبکی تایبەتی خۆییەتی.

پاشان بابەتێکی بە چێژ لە لایەن بەڕێز عەلدوڵلا قەرەداغییەوە پێشکەشکرا بە ناوی (مەیخانەی دڵ) کە بەڕێز قەرەداغی لە بابەتەکەیدا تیشکی خستەسەر زاراوەکانی تەسەوف لە لای نالی. پاشان بەڕێز ڕەحیمی لوقمانی بابەتێکی بە ناوی (نالی و عیشقی وڵات) پێشکەش کرد. کە باسی لە غوربەت و عیشقی نالی کرد بۆ وڵات، بە تایبەتی بۆ سلێمانی، پێش خاکوخۆڵ، دەلیلیش بۆ ئەمە نامەکەی نالییە دەڵێت: داخل نەبی بە عەنبەری سارایی خاکوخۆڵ، تا بە سلێمانیا نەکەی عوبور. هەروەها وتی: کاتێک کە نالی لە نامەکەیدا پرسیار لە شوێنەکانی سلێمانی دەکات، خۆی دەزانێ چییان بەسەر هاتووە! بەڵام ئەم دیەوێت لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە هەستی خەڵک بجوڵێنێ و وەڵامە سادەکانیش هەر لەوانەوە وەربگرێتەوە. ئەمە ئەوە دەیەنێ کە نالی زۆر باش لە داگیر کردن گەشتووە. لە کۆتاییدا بابەتەکەدا بەڕێزێک دەربارەی مەفهومی وڵات لەلای نالی وتی: نالی باسی زێدگا دەکات، نەک نیشتمان چونکە لە سەردەمی نالیدا مەفهومی نیشتمان وەک ئێستا نەبووە. پاشان بەڕێز سەید باقری هاشمی چەند پێنچ خشتەکییەکی خۆی لەسەر شیعری نالی

خوێندەوە. ئەوەی گرنگ بێت بەڕێز هاشمی غەزەلێکی تازەی نالی خوێندەوە، کە داوای لە روناکبیران کرد، بە تەواوی لەم غەزەلە بکۆڵنەوە و ئەوە ساغ بکەنەوە کە ئایا ئەمە هی نالییە، یان نە و ؟ ئەمە غەزەلەکەیە وەک چۆن لە دەستنووسەکەدا نووسراوە:

لە کەشکۆڵێکی دەستنووسدا کە لە رەبیعو سانی 1354 کۆچیدا نووسراوە ئەم غەزەلە بە ناوی نالی یە:

روخسارە ئەوە، یا گوڵە، یا نوری چرا
زوڵفە ئەوە، یا نافەی ئاهوی ختایە
باڵایە ئەوە، عەرعەرە، یا سەروی رەوانە
یاکو بۆ منی بێچارەی دێوانە، بەڵایە
سەد حەیفە لە ناوی جەننەتی روتا بە دایم
خاڵی حەبەشی زادە کە هیندوکی سیایە
بۆ من کە گەدایی کۆی نگارم بە حەقیقەت
سایەی سەری زوڵفی لەسەرم باڵی هومایە
سا بەسیەتی مەنعم مەکە ئەی واعیزی غافڵ
بەو ریشەوە یاهوکە ئەڵێی بارە گەڵایە
بۆ ماچی دەمی، خۆی بە فەنا داوە کە نالی
ئەسکەندەری عەوداڵی قومێ ئاوی بەقایە.

***

پاشان بابەتێک بە ناوی (زاراوەی عیرفان لە شیعرەکانی نالیدا) لەلایەن بەڕێز عەبدولکەریم فەتاحەوە پێشکەشکرا. لەم بابەتەشدا، باسی بەکارهێنانی زاراوە عیرفانییەکان کرا، کە چۆن و بۆچی ئەو زاراوە عیرفانیانە لە لایەن نالییەوە بەکارهاتوون، کە بەڕێز عەبدولکەریم لە چەند خاڵێکدا کۆی کردنەوە، لەوانە: نالی خۆی مەلا بووە کە ئەمە تەئسیری لەسەر نالی هەبووە، نالی شیعری بۆ نوخبە نووسیوە، کە نوخبەی ئەو کاتە مەلا و فەقێکان بوون، توانای داهێنان و لێوەشاوەیی نالی و شاعیرانی تری کلاسیک لە زماندا. هەروەها ئامارێکی خستەڕو کە پێک هاتبوو لە هەموو زاراوە عیرفانییەکان کە نالی لە شیعرەکانیدا بەکاری بردوون. بەم بابەتە دانیشتنی بەیانیانی رۆژی دووەمی دیدار کۆتایی هات.

دانیشتنی ئێوارە بە بابەتێکی بەڕێز (محەممەدی مەلا کەریم) بەناوی (لە بارەی نالییەوە) ، دەستی پێکرد، کە ئەم بابەتەی کاک محەممەد بەشێک بوو لە کتێبێکی خۆی کە بیستو حەوت ساڵ پێش ئێستا لەسەر نالی بە چاپی گەیاند بوو. بەڵام، بەسەر ئەوەشەوە لە کۆتایی بابەتەکەدا موناقەشەیەکی خۆش و سەرنج راکێش لە نێوان محەممەدی مەلا کەریم و د. عیزەدیندا کرا و چەندین پرسیاری تریش لە بارەی نالییەوە هاتە کایەوە. پاشان بابەتێک بە ناوی (نالی و سیحری وشە) لە لایەن د. عەبدولسەلام سالارەوە پێشکەشکرا، کە چەندین نموونەی بەرزی بەکارهێنانی وشەی لە شیعرەکانی نالیدا بە نموونە هێنایەوە کە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان بوو. پاشان بەڕێز د. غەففاری بابەتێکی بە ناوی (نالی، حافزی کوردەوارییە) پێشکەشکرد، کە باسی لەوە کرد، وەک چۆن حافز لە رێگەی شیعرەوە رەخنەی توندی لە ریاکاران و زاهیدان گرتووە ئاواش نالی لە رێگەی شیعرەکانییەوە بە گژ واعیز و ریاکاراندا چۆتەوە و خەڵکی لە دنیاپەرستی و فێڵبازی ئەوان وریا کردۆتەوە. لە کۆتایی ئەم بابەتەدا د. عیزەدین هەندێک قسەی لەسەر بابەتە کردوو و ئەوەی رەت کردەوە کە نالی تەئسیری کەسی بەسەرەوە بێت، بە حافزیشەوە! وتی: نالی، نالییە و تەئسیری کەسی لەسەر نییە. پاشان دانیشتنی ئێوارەی ئەمرۆ بە (چەند تابلۆیەکی خەیاڵی ژیان و شیعری نالی) لە لایەن بەڕێز حەسەن سەید تاهیری هاشمی کۆتایی هات، کە لە رێگەی چەند کورتەچیرۆکێکی خەیاڵییەوە ژیان و هەندێک شیعری نالی بەسەر کردەوە کە جێگەی دەست خۆشی ئامادەبووان بوو. ئەمە و دانیشتنەکانی ئەمرۆ لەلایەن سەلام عەبدولکەریم و شەهرام هوژەبرییەوە بەڕێوەبرا.

ئەمرۆ ژمارەی (دوو) ی بڵاوکراوەی نالی، کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بوو بە دیدارەکە بڵاوکرایەوە.





